# تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی(ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان)ی (عەتا محەمە د)دا

# تقنية السرد في رواية (مرشد الكُتُبِيِّين القتلى) للكاتب عطا محمد

# The Narrative Technique in the novel "The Guide of the Dead Writers" by Atta Muhammad


**ئارام عومەر عەلی [١]، شوانە نوری عەبدوڵلا [٢]**

[١] بەشی کۆمەڵایەتی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

[٢] بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: aram.ali@uoh.edu.iq


## پوختە


ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (تەکنیکی گێڕانەوە، لە ڕۆمانی(ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان)ی عەتا محەمەدا، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی گرنگی ڕەگەزی گێڕانەوەو ڕۆڵی لە بونیادنانی ژانری ڕۆماندا، لەم توێژینەوەدا، بەشێوەیەکی پراکتیکی هەنگاو بەهەنگاو تەکنیکی گێڕانەوە لە هەموو لایەنە هونەرییەکانییەوە خراوەتەڕوو، دیارە ڕۆمان وەك یەکێك لە ژانرە گرنگ و دیارەکانی ئەدەب خوێنەری تایبەتی خۆی هەیەو جیهانێکی بەرفراوان و گەورەو پڕ ڕووداوە، ڕۆمان ژانرێکە چیرۆکەکەی پشت بەڕەگەزی گێڕانەوە دەبەستێت، ئەڵبەتە ڕەگەزەکانی تری (ڕووداو، کات، شوێن، کارەکتەر...هتد) بایەخیان لە پێکهاتەی جەستەی دەقی گێڕانەوەبەندیدا دیارە و پەیوەندی پتەو لە نێوانیاندا هەیە، واتە هیچ دەقێك بەتەنها ڕەگەزێك بەرهەم نایەت هەربۆیە، تەکنیك و ڕەگەزەکانی ڕۆمان هۆکارێکی بەهێزن بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر، دیارە یەکێك لەو تەکنیکانە گێڕانەوەیە کە، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر چەند لایەنێکی هونەریی ئەم تەکنیکە، ئاشکرایە هەرکات بمانەوێ پێناسەی ڕۆمان بکەین ناتوانین باس لە گرنگی ڕەگەزی گێڕانەوە نەکەین، دەتوانین بڵێین ڕۆمان بەرهەمێکی گێڕانەوەی خەیاڵی نووسراوە کە چیرۆکێک لەبارەی ئەزموونە تایبەتەکانی مرۆڤەوە بە درێژاییەکی بەرچاو دەگێڕێتەوە، کەواتە گێڕانەوە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دروستکردنی ویستگەیەکی بەهێزی خوێندنەوە لەلای خوێنەر، هەر بۆیە لە سۆنگەی گرنگی و ڕۆڵی بەهێزی گێڕانەوەیە ئەم تەکنیکەمان هەڵبژاردووە، وەك بوارێکی پراکتیکی باسکردن لە ڕۆمانی (ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان)ی (عەتامحەمەد).



**کلیلە وشەکان:** ڕۆمان، تەکنیک، گێڕانەوە، گۆشەنیگا، فلاش باگ.



| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە: گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10480 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/١١/٩ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٢/١٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | aram.ali@uoh.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٣ م. ئارام عومەر عەلی ، د. شوانە نوری عەبدوڵلا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**ملخص**

هذا البحث بعنوان (تقنية السرد في رواية (مرشد الكُتُبِيِّين القتلى) للكاتب عطا محمد، هو محاولة لبيان أهمية عنصر السرد ودوره في بناء أنواع الرواية، ففي هذا البحث بيينا فن الرواية بصورة عملية خطوة بخطوة في جميع الجوانب الفنية.

واضح أن الرواية كأحد ألانواع المهمة والبينة للأدب له قرائه الخاص وهو عالم واسع كبير ومليء بالأحداث.

الرواية نوع من الأدب يعتمد قصته غلى عنصر الرواية وعناصره الأخرى (الحدث، الوقت، المكان، الممثل....الخ) أهميتهم واضحة وبينة في الهيكلية السردية ويوجد علاقة قوية بينهم. بمعنى أنه لا ينتج نص بعنصر واحد، لذلك فإن للفن وعناصر الرواية عامل قوي في جلب انتباه القارئ وهذا الذي جعل الرواية تستوعب عدة جوانب فكرية وفنية ونفسية، واضح أن إحدى تلك التقنيات هو السرد الذي في هذا البحث نحاول تسليط الضوء على بعض جوانبه الفنية.

معلوم أننا حين نريد تعريف الرواية لا نستطيع أن لا نذكر عنصر السرد لذلك نستطيع أن نقول بأن الرواية هي ثمرة وانتاج سرد خيالي مكتوب تروي قصة حول التجربة الخاصة بالإنسان في مدى بين وواضح.

إذن السرد علم تعبير له دور مهم في صنع محطة قوية للقراءة لدى القارئ لسبب أهمية والدور القوي للسرد اخترنا هذه التقنية كجانب حديث عملي في رواية (مرشد الكُتُبِيِّين القتلى) ل عطا محمد


**الكلمات المفتاحية:** رواية، تقنية، سرد، نظرة، التغذية الراجعة.


## Abstract

The current study “narration technique” is an attempt to shed light on the importance of narration techniques in the novel of “the guider of dead books” by Atta Muhammed. The researcher tries to reveal all the narration techniques used by the author from all artistic perspectives. It is well-known that novel as a genre of literature is a wide world full of events which is written in a narration format. This fact makes novel to have a large but specific audiences around the world. The elements of novel such as events, time, place, characters play significant roles in the way the narration takes place. This makes novel to have different philosophical, fictional, artistic and psychological perspectives and how to use these elements by the author will influence the opinion of the audiences while reading the text. In this study, the research focuses on the role of narration format as a fictional element in writing novel. It can be reported that novel is the product of narrating the fiction of the author about human or non-human objects in length. In conclusion, the researcher finds out that the way the stories in the novel narrated will have big impacts on the reading for pleasure by the audiences.


**Keywords:** novel, technique, narration, flashback, worldview.

## پێشەکی

ئەگەر بەشێوەیەکی وەها سەیری ژانری ڕۆمان بکەین، کە گێڕانەوەی ڕووداوی واقیعی بێت، هەر ناکاتە ئەوەی بەشێوەیەکی پراوپڕ وکتومت و مووبەمووی خودی ژیان بێت، بەڵکو ڕۆمان زادەی ئەندێشە و داهێنانە، گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، هەڵگۆزانی ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ژیانە و تێکەڵە بە خەیاڵ و ئەندێشەی ڕۆماننووس، لەگەڵ ئەوەشدا وەزیفەی ڕۆمانە، بەرخورد لەگەڵ واقیعی زیندوو بکات و هەوڵبدات ژیان وەك چۆن هەیە، بەتەکنیکێکی هونەری و جوان گوزارشتی لێ بکات، ئێمە بۆ خستنەڕووی تەکنیکێك لە تەکنیکەکانی ڕۆمان و دەرخستنی ڕۆڵی گرنگی ڕۆمان لە وێناکردنی ژیان بە جۆرێکی تر، تەکنیکی گێڕانەوەمان هەڵبژاردووە، وەك بوارێکی پراکتیکی باسکردن لە تەکنیکی گێڕانەوە، ڕۆمانی (ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان)ی (عەتامحەمەد)، دەبێتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە.

ڕێبازی توێژینەوەکە: ڕێبازی وەسفی شیکارییە

پێکهاتەی توێژینەوەکە: جگە لە پێشەکی لە دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە.

## بەشی یەکەم:

### تەوەرەی یەکەم: پێناسەی چەمك و زاراوەکان(ڕۆمان، تەکنیك، گێڕانەوە)

١. ڕۆمان: ((ڕۆمان دیاردەیەکی زیندووی جیهانی ئەمڕۆیە، یەکێکە لەو ژانرانەی توانیویەتی بەشدارییەکی کارای لە گەشەکردن و پێشخستنی ئەدەبدا بکات، هەروەها یەکێکە لەو هونەرە باڵایانەی تا ئەمڕۆش نەك هەرمێنی خۆی لەدەست نەداوە، بگرە بووەتە یەکێك لە سیما هەرە دیارەکانی میللەتان، چونکە پانتایی دەقی ڕۆمان لە دەربڕینی کێشە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابوریی و دەروونییەکان بە جۆرێکە، هیچ ژانرێکی دیکەی ئەدەبی وەکو شیعر و چیرۆك ناتوانن بەم شێوەیە ئەم کێشەو گرفتانە دەربڕن))( ڕەحمان، ٢٠١٤: ٧) (مكارم العمری) لەو باوەڕدایە، کە ((ڕۆمان پەرەسەندنی ژیانی ئەو کەسە، یان کەسەکانە لە بواری کارلێکردن و کارتێکردندا لەگەڵ بازنەی ئاڵۆزبوونی ژیاندا ڕووندەکاتەوە، لەم حاڵەتەدا ڕۆمان لە چیرۆك جیا دەبێتەوە، چونکە چیرۆك تەنیا ساتێك لە ژیانی کەسەکان یان کارەساتێك، کە لە ماوەیەکی دەستنیشانکراودا بەسەریا دێت دەخاتەڕوو)) (گەرمیانی،٢٠٠٥:٢٢).

ڕۆمان وەك یەکێك لە ژانرەکانی ئەدەب خوێنەری تایبەتی خۆی هەیەو جیهانێکی بەرفراوان و گەورەو پڕ ڕووداو و گێڕانەوەیە، تەکنیك و هونەرەکانی ڕۆمان هۆکارێکی بەهێزن بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر، دیارە یەکێك لەو تەکنیکانە گێڕانەوەیە، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیشك دەخەینە سەر چەند لایەنێکی ئەو تەکنیکە.

٢. تەکنیك: بریتییە: لەو هێزەی کە دەبێتە ڕێکخەرو دابەشکردنی ڕۆڵ و کەسایەتی و دیمەن و ڕووداوەکانی ناو چیرۆك و ڕۆمان تا هارمۆنییەك بدات بە گێڕانەوە. تەکنیك بابەتێکی زانستییەو لە زۆر بواردا بەکاردەهێنرێت، ئەوەی پەیوەندی بە بابەتی چیرۆك و ڕۆمانەوەیە، لە کاتی نوسینی دەقەکەدا خۆی دەسەپێنێت، تەکنیکی گێڕانەوە پشکی گەورەیی ئەو سەپاندنەی بەردەکەوێ لە بارەی تەکنیك و فۆرم و شێوازی گێڕانەوەی تێکستێکدا سێ پرسیاری سەرەکیی دەبێ ئامادە بێت و هەر سێ پرسیارەکەش بەسەر چەند لقی جیا جیادا دابەش دەبن ((پرسیاری یەکەم ئەوەیە: ئەوە کێیە لەناو تێکستەکەدا دەگێڕێتەوە؟ پرسیاری دووەمیش ئەوەیە: ئەوەی دەگێڕێتەوە چەند دەزانێت لەبارەی ئەوەی دەیگێڕێتەوە؟ پرسیاری سێیەمیش: لە چ گۆشەنیگایەکەوە دەگێڕدرێتەوە؟ نوسەر ناتوانی پێش ئەوەی بنووسیت بڵێیت من ئەو تەکنیکە هەڵدەبژێرم چونکە نووسەر ناتوانێ تەکنیك هەڵبژێرێت بەڵکو پێویستی ڕۆمان و چیرۆکەکەیە دەیسەپێنێ بەسەریا. بۆ نموونە گەر کاراکتەرەکانی تۆ لەو گۆشەنیگایەوە قسە بکەن کە زانیاری کەمیان هەبێت و لە هەمان کاتدا نووسەر خۆی زۆر بەشداری نەکات و نەبێتە دەمڕاستیان، ئەوا لێرەدا تۆ پێویستت بە "تەکنیکی فرەدەنگی دەبێت تا بە هۆی هەموویانەوە بتوانی چیرۆکەکەت بگێڕینەوە)) (کاکەی فەلاح، ٢٠١٨).

٣- گێڕانەوە: گێڕانەوە وەک هونەرێکی گرنگی ڕۆمان، ڕێگایەکە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان، ئەمیش چەند شێوازێکی هەیە و پەیێ

کات و خواستی نووسەر شێوازەکە دادەڕێژرێت. ((دەشێ لە زمانی کوردی گێڕانەوە هاوتایەکی زۆر گونجاوی(Narratio) بێ کە لە زمانی عەرەبی هاوتاکەی (السرد) و ئەمەی دوایيان مەوداکانی زۆر ڕوون نەبێ، گێڕانەوە وەك چەمکێکی ئەدەبی نوێ، وەك کێشەیەکی ئەدەبی ئاڵۆز، کە هەردەم دەمانگەڕێنێتەوە بۆ مەسەلەی ژانرەکانی ئەدەبی، لەناو ئەدەبی ڕۆژهەڵات و ئەدەبی کوردی، مێژوویەکی کۆنی هەیە و بەچەند هەنگاو و وەرچەرخان و گۆڕاندا تێپەڕیوە" (عومەر،٢٠٠٥:٨١) .

گێڕانەوە لە ڕووی هونەرییەوە، ((ئەو ڕێگایەیە، کە لە چوارچێوەیدا، چیرۆك دەگێڕێتەوە، وە ئەشێ چیرۆك بە چەند شێوازێك بگێڕدرێتەوە، هەر بۆیە لە ڕێگەی گێڕانەوەوە دەتوانرێت جۆرەکانی گێڕانەوە دیاری بکەین))( محمد، ١٩٧٧: ٦٩-٧٠)، گێڕانەوە وەکو پرۆسەیەکی گوزارشتکردن و درکاندن ((بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤی پێکهێناوە، هەروەها بنەمایەکی سەرەکییە لە بنیاتی دەقی ڕۆماندا، ئەم تەکنیکە لە ئەفسانەو حیکایەتی میللییەوە سەری هەڵداوە و وردەوردە بەرەو پێشچووە، ئەم شێوە هونەرییەی ئێستای لەناو ژانرە ئەدەبییەکاندا وەرگرتووە))( عوسمان،٢٠١٠:١٤ )، ڕۆلان بارت(١٩١٥-١٩٨٠) لە پێناسەیەکی گشتیدا دەڵێت: ((گێڕانەوە وەك خودی ژیان وایە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە دنیایەکی گەشەکردوو دەنوێنێ، بەڵام گێڕەرەوە لای بارت بوونەوەرێکە لەسەر کاغەز))( عەبدوڵڵا، ٢٠١٣).

گێڕانەوە، زانستی دەربڕینە((خاسییەتێکە ڕێڕەوی وتارێکی ناسراو دیاری دەکات، بەمەش دەتوانین وتارێکی گێڕانەوە لە وتارەکانی تر جیابکەینەوە))( وغلیسی،٢٠٠٤:٩) هەر بۆیە، ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دروستکردنی ویستگەیەکی بەهێزی خوێندنەوە لەلای خوێنەر، گێڕانەوە پشکی گەورەی بەردەکەوێت بۆ بەستنەوەی ئەو دەروازەیە بە تەواوی دەقەکەوە، ((دەکرێت گێڕانەوە خاوەنی سیحرێك بێت بۆ پەلکێشکردنی خوێنەر بەدوای ئەو بابەتەی دەیخاتەڕوو))( حوسێن، ٢٠١٠: ١٦٥)، چونکە ئەوەی بەردەوامی بە چێژی چیرۆك دەدات گێڕانەوەی باش و چیرۆکگێڕەوەی باشەو هۆکاری بەردەوامییەتی بەم پێیە((گێڕانەوە داینەمۆی بەردەوامی چیرۆکە، خودی گێڕانەوەش چەند گرنگ بێت، ئەوەی لەو گرنگترە گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیە، چونکە هەموو ئەوانەی گوێ لەچیرۆك دەگرن یان چیرۆك دەخوێننەوە دەبێت هەست بەوە بکەن کە چوونەتە جیهانێکی ترەوە))( اسماعیل، ٢٠١١: ١١٠)، ئەم هەستەش وادەکات کە ڕۆمانێك لە ڕۆمانێکی تر خوینەری زۆرتر بێت و ناوبانگی برواو تیراژی زیاتر بێت.

لەکردەی گێڕانەوەدا مەرج نییە ڕووداوەکان ڕاستەقینەبن، ئەشێ هەڵقوڵاوی هزری نوسەربن((کاتێک باسی گێڕانەوە دەکرێ کە تێکستمان لە بەردەستە و ڕووداوی یەك بەدوای یەکدا هاتوو دەگێڕێتەوە، ئینجا ئەو ڕوداوانە خەیاڵی یان حەقیقی بن، پاڵەوان و شوێن و کردەی تێدا بێ و لەهەمان کات گێڕەرەوەش هەستی پێبکرێت))( عومەر،٢٠٠٥: ٨١)، بەم پێیە گێڕانەوە بنەمای سەرەکی و سەرنج ڕاکێشانە، کە مرۆڤەکان هەمیشە لەڕێگەی بەرجەستەکردنی چیرۆکی ژیانیان پەنایان بۆ گێڕانەوە بردووە، کاتێك ئەم هونەرە لە دنیای نوسین و گێڕانەوەی ئەفسانە و حیکایەت و چیرۆکەکاندا پەنای وەبەر برا ئیدی گێڕانەوەکان شیواز و تەکنیکی نوێیان بە خۆیانەوە بینی و تەنها کەسێك بەکاری گێڕانەوە هەڵنەدەستا ئەوەتا لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنانەوە گێڕانەوە لە چەند ڕێگایەکەوە ئەنجامدەدرێت. ئەوەی بەکاری گێڕانەوە هەڵدەستێت یان حیکایەتخوان (چیرۆکبێژ) یان گێڕەرەوەیەکە((چیرۆکبێژ یان گێڕەرەوە یان چیرۆکگێڕەوە، بە عەرەبی (الراوی) یان (السارد)، لە پرۆسەی گێڕانەوەدا کەسێکە ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە، سا یان بە شێوەیەکی زارەکی یان لەمیانی نووسراو یان کتێبێکەوە، دەشێت چیرۆکبێژ خۆی کەسایەتییەکی سەرەکی بێت لە ڕۆمانداو بەسەرهاتەکانی خۆی بگێڕێتەوە، هەندێ جاری دیش لەدەرەوەی ڕووداوەکاندایەو یان ڕووداوەکەی بینیوەو بەبێلایەنی دەیگێڕێتەوە))( ئەسوەد، ٢٠١١، ٢٤١) ئەوەی دەبینرێ لەم ڕۆمانەدا بەباشی هەست بەڕۆڵی گێڕەرەوە دەکرێت و هەندێك جار دەنگی ڕۆماننوس وەك گێڕەوەیەك دەبیسترێ و هەندیك جاریش ڕۆماننوس ئەو ئەرکەی بەکارەکتەری سەرەکی سپاردووە، ئەوەتا شێرکۆ کارەکتەری سەرەکی وەك گێڕەوەیەك دەبینرێ ((ئەمڕۆ کاتێك بەڕێگاوە بووم بۆ لای کتێب فرۆشییەکەی ولیەم، بیرم لەو چیرۆکە دەکردەوە، کە ئەو ئێوارەیە لە خەیاڵمدا بوو دەمویست بۆ ماریای بگێڕمەوە، کاتێك لە کەناری کەنداوەکە پیاسەمان دەکرد، بەڵام نازانم بۆ لە جێگای ئەم چیرۆکە چیرۆکی(شاری ڕەنگەکان)م بۆ گێڕایەوە، ئەو چیرۆکەی ویستم بۆی بگێڕمەوە باسی لە کەسێك دەکرد، پێچەوانەی هەموو مرۆڤێك دوو ڕۆحی دەبێت، واتا بەدوو ڕۆحەوە دەژی لەکاتێکدا حەزی لە پیاسەی شەو درەنگان دەکرد، لە هەمان کاتدا


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

چێژی لە گەرمای ڕۆژە درێژەکانیش دەبینی، کاتێك عاشقی کچێکی قژ کاڵی باڵابەرزی گەڕەکەکەیان دەبوو، لەهەمان کاتدا ڕۆحەکەی تری شەیدای کچێکی باڵاکورتی قژ ڕەش دەبوو، کە بە شەوقەوە دەیویست کتێبێك بخوێنێتەوە، لەهەمان کاتدا خەو دەیبردەوە،...تا سەرئەنجام هاوسەنگی تێکدەچێت و شێت دەبێت، ئەمە تەنها چیرۆکیك بوو، ویستم بۆ مارپای بگێڕمەوە)) ). محەمەد، (١١٩:٢٠١٤

پرۆسەی گێڕانەوە کاتێك بەرهەم دێت، کە گێڕەرەوە ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی دیوویەتی، یان بەرگوێی کەوتووە، یان بۆی باسکراوە لە ئەنجامی ئەو ئاشنایەتییەی لەگەڵ جیهانی شتەکان هەیەتی لە چوارچێوەی واقیع، یان خەیاڵدا دەس بەگێڕانەوەی دەکات، بەم جۆرە پرۆسەی گێڕانەوە بریتییە لە((گواستنەوەی بەسەرهات، کە گێڕەرەوە ئەنجامی دەدات بۆ وەرگر(بۆگێڕاو) دەکرێ بگوترێ گێڕەرەوە، قسەکەرە و بۆگێڕەرەوە گوێگرە، گێڕانەوە زاراوەیەکی گشتییە، کە ئەویش گێڕانەوەی ڕووداوێك یان زیاتر، هەواڵێك یان زیاتر دەگرێتەوە ئیدی لە کرۆکی ڕاستییەوە هاتبن، یان لە داهێنانی ئەندێشەوە، واتە هەندێ ڕووداو ڕاستەقینەن و هەندێکیش دروستکراو))( موفقی، ٩: ٢٠١٢)، لە چوارچێوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانی ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان، ڕۆماننوس هەندێك جار بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە بۆ گوێگر دەگێڕێتەوە، با ئەگەر لەسەر زاری کارەکتەرەکانیش بێت وەك ئەم ڕووداوە((بەڵام ئەوەی لە مردنی عومەری مەکتەبەدا، سەیرە ئەوەیە، نۆمانگ ون دەبێت تا ڕاوچییەك لە زەلکاوێکدا تەرمەکەی دەدۆزێتەوە، ئایا ئەو کە لە ٤ی مانگی ئۆگوستی )٢٠١٢( لە ماڵی کچەکەی دەردەچێت و نۆ مانگ ون دەبێت تا لە ١ی مانگی ئایاری ٢٠١٣دا دەدۆزرێتەوە، هیچ ئاماژەیەکی تێدایە بۆ چەمکی لە دایکبوون؟ ئەگەر منداڵ نۆمانگی پێویست بێت بۆ لەدایکبوون، بەڵام ئەمیش ونبوونەکەی نۆ مانگی پێدەچێت تا دەدۆزرێتەوە، بەڵام بە مردوویی، ئەوەی من گومانی لێدەکەم، کە ئەم نۆ مانگی ونبوونەی سیمبولێك بێت بۆ ئاشکرابوون و لەدایکبوونی ڕازێك)) محەمەد، . (١٢٧:٢٠١٤

گێڕانەوە وەك ڕەگ و ڕیشەیەکی هونەرەکانی ئەدەب، لەناو ژانرە ئەدەبییەکان بەپێی سەردەم هەستی پێدەکرێ و خاسیەتێکی تایبەتی هەیە، لەناو ئەدەبیاتی کوردی کۆن، لە شیعرە ئێپیکییەکان بەگشتی هەیە. ئیمڕۆش، لە چیرۆك و ڕۆمان و هەقایەت و چیرۆکی ئەفسانەیی دەدۆزرێتەوە. هەروەها لە شانۆگەری و هەندێ لێکۆڵینەوەی تایبەتیش.

## تەوەرەی دووەم: گێڕانەوە لە ڕوانگەی بینینەوە

هەردوو ڕەخنەگری فەرەنسی "جان پۆیۆن" و "تزڤیتان تۆدۆرۆڤ" بەدوای شوێنگە و وەزیفەی چیرۆکبێژەوەن و بەپێی بینین (Vision) و دیدی ئەو چیرۆکبێژە، سێ شێوەی جیاوازی بینین و گێڕانەوە، دیاری دەکەن:

١-بینین لە پشتەوە: لێرەدا چیرۆکبێژ هەموو شتێکی پاڵەوان و کەسایەتییەکان دەزانێت و پێشبینی چۆنیەتی بیرکردنەوەشیان دەکات، لەم چەشنە بینینەدا چیرۆك و ڕۆمانی تاکدەنگی (مۆنۆفۆنی) بەرهەم دەهێنرێت، تەوەرەکانی ئەم ڕۆمانە دابەشبوون بەسەر چەند ڕێچکەیەکی گێڕانەوەدا، کە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی دووچیرۆکە بەشێوەی هاوتەریب، لە تەوەری یەکەمی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەدا چیرۆکبێژ هەمووشتێکی پاڵەوان و کەسایەتییەکان دەزانێت((ماڵەکە تەواو کپ و بێدەنگ بوو، مریەم هەستی بەتینوێتی کرد، ویستی هەستێت تا بەرەو مەتبەخەکە بچێت، بەڵام هەستیکرد لەشی سوکێتییەکەی پێشتری نەماوە، وەك ئەوەی گومان و بیرکردنەوەکانی گەڕاندبێتیانەوە سەر زەوی)) ). محەمەد، (١٩:٢٠١٤ ((مریەم ڕۆمانەکەی لەسەر مێزە بچوکەکەی تەنیشتی داناو سەیری باخچەکەی بەردەمی کرد، هەستی بە بۆشاییەکی سەیردەکرد لە ناوەوەیدا بیری کردەوە باشترە بچێت کاتژمێرێك وەرزش بکات، ئەگەر ئارەزووشی کرد، کەمێك مەلە بکات)) ). محەمەد، . (١٢٢:٢٠١٤

٢-بینین لەگەڵ(یان بینینی وەك یەك)، لێرەدا زانینەکانی چیرۆکبێژ یەکسانە بە زانینەکانی قارەمانی سەرەکی، مەودای ڕووداو و بینین کەمێك فراوان دەبێت ((من لێت ناشارمەوە، دوای کوشتنی ولیەم، شێرکۆ بەدوای سۆراخی ئەو جانتایەدا دەڕوات، کە بە خاوەنی کتێبخانەکەی سلێمانی بووە و لە مردنە تەمومژاوییەکەیەوە دیار نەماوە، گرنگی ئەو جانتایەش لەوەدایە چەند ڕاپۆرت و دەستنووسێکی لەبارەی کوشتنی چەند نووسەرێکەوە تێدایە، بەڵام ئەمە تەنها کاری شێرکۆ نابێت، بەوەی لەو گەڕانەیدا ڕێگای دەکەوێتە زۆر کتێبخانە و بەدوای ئەو

کتێبانەشدا دەگەڕێت کە لەلایەن نووسەرە نادیارەکانەوە، لە گۆشەیەکی کتێبخانەکاندا بە جێ دەهێڵرێت، یاخود بەدوای نهێنی چارەنووسی ئەو نووسەرانەدا دەگەڕێت، کە لە ڕووداوی سەیردا دەکوژرێن...))). محەمەد، (١٧٩:٢٠١٤

٣-بینین لە دەرەوە: لێرەشدا زانینەکانی چیرۆکبێژ کەمترە لە زانینەکانی قارەمان، چیرۆکبێژ بەپێی کردار و ڕەفتارەکانی پاڵەوان بابەتەکان دەگێڕێتەوە و ئاگاداری سایکۆلۆژیا و بیرکردنەوەکانی پاڵەوان نییە و ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی چارەنووسی پاڵەوان دیاری بکات، ئەمەش ڕۆمانی فرەدەنگی (پۆلیفۆنی) بەرهەم دەهێنێت."( ئەسوەد، ٢٠١١، ٢٤٣) لەئەنجامی ئەو ڕووئیاو بینینانە، لە هەموو گێڕانەوەیەکیشدا پێویستی بەگێڕەرەوە هەیە، کەبەلای ڕەخنەگری فەرەنسی(جان بۆیون) بەم شێوەیە دابەشدەکرێن:

١-چیرۆکگێڕەرەوەی هەمووشتزان: لە سەرو بەری هەموو چیرۆکەکە شارەزایەو لە دەرەوەی چیرۆکەکەیەو زیاتر ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک و کۆ (ئەو-ئەوان) بەکاردەهێنێت، ئەمەش پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ چیرۆك نووسدا هەیە ((مریەم درەنگ گەڕایەوە ماڵەوە... پێرانەگەیشتبوو بازاڕیش بکات، چونکە کاتێك دوای نیوەڕۆ لەماڵ چووە دەرەوە، زەنگی بۆ دوو هاوڕێیان لێداو بەدەم وردە قسەوگلەییەوە باسی شێرکۆی کردبوو، چونکە نەیدەویست ڕاستەوخۆ هەواڵی بپرسێت و بچێتە وردەکاریی ڕۆشتن و دیارنەمانەکەیەوە، بەڵام لە قسەکانیانەوە دڵنیابوو ئەوان هیچ هەواڵێکی نازانن)) (محەمەد، .( ٨٥:٢٠١٤

٢-چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزان: هێندەی کەسانی ناو چیرۆك دەزانێت، چونکە بەشێکە لەوان و لە کەسی سەرەکی پێکدێت و لەناوەوەی چیرۆکەکەدایەو بەزۆری ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك(م- من) بەکاردەهێنرێت بۆ ئەم جۆرە. لەبەر ئەوەی ڕێچکەی گێڕانەوە بەهۆی هاوتەریب بوونی ڕووداوی دوو چیرۆك لەیەك کاتدا بەشێکی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە لایەن کارەکتەری سەرەکییەوە ئەنجام دەدرێت، بۆیە شێرکۆ یەکێکە لە کەسایەتی سەرەکییەکان و لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا بەشدارە و بە ڕاناوی قسەکەر(م) بەشێك لە ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە((ئێستا دەمەوێت ڕازێکت بۆ ئاشکرا بکەم و پێتبڵێم بەسەرهاتی نووسینی ئەم کتێبە، پەیوەندی بە ڕۆمانێکەوە هەیە بەناوی (چەتەکانی خەیاڵ)، کە ڕۆژێکی باراناوی بەرێکەوت لە کتێبفرۆشێك کڕیم و بەسەر نهێنی ژیان و بەسەرهاتی ناوە وەهمی و خوازراوەکاندا کردمییەوە، هەر لێکچوونێکیش لە نێوان ڕووداو و ناوەکانی ناو ئەم کتێبەو واقیعدا هەبێت، ئەوا بەمەبەست نەکراوە و دەگەڕێتەوە بۆ نهێنی ژیان و لێکچوونی ناوەکان)) (محەمەد، ٢٧:٢٠١٤ ( ()ولیەم بەرەو ژوورێکی بچووکی پشتەوەی بردم، کە پڕبوو لە کتێبی کۆن و دانسقە و مێز و قەنەفەیەکی بچوکیشی لێبوو بە دیوارەکانیشیدا سەعاتێکی گەورەی کۆن و تابلۆیەك و وێنەی چەند نووسەرێك هەڵواسرابوون لەو ژوورەدا باسی کتێبنووسە نەناسراوەکانی بۆ کردم))). محەمەد، (١٠٧:٢٠١٤

٣-چیرۆکگێڕەرەوەی کەمشتزان: لەکەسە سەرەکییەکان کەمتر دەزانێت و لەڕێگەی بینین و بیستنەوە زانیاری وەردەگرێت و لە ناوەوەی چیرۆکەکەدایە"( سابیر، ٢٠٠١ :٢١٤) هەڵالە کارەکتەرێکی لاوەکییە، باسی چیرۆکێکی ژیانی خۆی بۆ مریەم دەکات،((ڕۆژێك هەڵاڵە باسی ئەوەی بۆکردم کە لە دایکییەوە تەمێ بووە خەفەت بۆ هیچ پیاوێك نەخوات، چونکە باوکی لە سەروو ئەوەی ژنی بەسەر هێنا، بۆ ئافرەتیش هاتووچۆی بەغدای دەکرد)) ). محەمەد، . (٦٧:٢٠١٤

## بەشی دووەم:

## ڕۆمانی "ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان" و تەکنیکەکانی گێڕانەوە.

گێڕانەوە هەردەم لەسەر زاری یەکێکە، (ئەمەش بەگوێرەی جۆری ئەدەبەکە و سەردەمەکە دەگۆڕێت). هەڵبەت لێرەوە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان گێڕەرەوە یان (حکایەت خوان) و دانەری کتێبەکە، ئەمانە هەمان کەس نین. (ئەگەرچی لە ڕوانگەی ڕەخنەی فینۆمینۆلۆژی جیاوازی ناکرێ لە نێوان نووسەر و ڕۆماننووس). گێڕەرەوە لەناو تێکست خۆی حەشارداوە"( عومەر، ٢٠٠٥ : ٨٣) بەچەند شێوازێك ئەم گێڕانەوانە ئەنجام دەدرێن.

گێڕانەوە لە ڕێگەی حیکایەتخوانەوە: یەکێک لە ڕێگاکانی گێڕانەوە، لەلایەن حیکایەتخوانەوە ئەنجامدەدرێت، سەرکەوتوویی حیکایەتخوانیش

بەندە بەچۆنێتی گێڕانەوە و گۆشەنیگای ئەوەوە، چونکە حیکایەتخوان لە پێشکەشکردنی ڕووداو و کارەکتەر و کات و شوێنەکاندا پشت دەبەستێ بەگۆشەنیگایەك بۆ ئەوەی گوزارشت لە هەڵوێستی خۆی بکات، لەم ڕێگایەدا دەکرێت بگوترێ بەشێوەیەکی گشتی گۆشەنیگا دەبێتە دووبەش: (عوسمان، ٢٠١٠ : ١٥٢)

١.گۆشەنیگای دەرەکی: سادەترین و باوترین گۆشەنیگایە لە ڕۆماندا، بەپێی ئەم گۆشە نیگایە حیکایەتخوان لە دەرەوەی ڕووداوەکانەوە باسی کەسایەتی کارەکتەرەکان و چۆنێتی ململانێ و کێشەو باری دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە. لە "ڕۆمانی ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکانی عەتا محمد"دا ڕۆمان نوس باسی چەند کەسایەتی ناو ڕۆمانەکە دەکات، گێڕانەوەکان لە گۆشەنیگای دەرەکییەوەیە وەك لێرەدا دەردەکەوێت ((شێرکۆ دوای ئەوەی دڵنیا بوو مریەم وەڵامی تەلەفونەکەی ناداتەوە، هەستاو لەدەرگاکەیدا، بەڵام مریەم بێئەوەی چاو لەسەر وێنە ڕووتەکەی خۆی لابەرێت لەئاوێنەکەدا، هیچ وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو لەو ساتەدا بیری لەوە دەکردەوە زۆر جار مرۆڤ دواتر و درەنگ دەزانێت، خۆشەویستی ژیانی مرۆڤەکان وێران دەکات.. شێرکۆ چەند جارێکیتر لە دەرگاکەی دایەوە بێئەوەی هیچ وەڵامێك بدرێتەوە، ناچار لەسەر خۆ وتی: باشە...، بەڵام تەنها دەمەوێت ئەو کاغەزانەم بدەیتێ کە لەسەر کۆمەدییەکە دامناون، مریەم بە هەمان ئارامییەوە بەدەست قژی شانەدەکردوو هەرجارێك بەشێوەیەك ڕێکی دەخست و لێ ڕادەما، وتی: تکایە دەتوانیت کاتێکیتر بیانبەیت))). محەمەد، (١٧:٢٠١٤لێرەدا هەست دەکەین ڕۆمان نوس لەدەرەوەی ڕووداوەکان خۆی بە کاری گێڕانەوە هەڵساوە و ڕووداو حیوارەکان دەگێڕێتەوە.

٢.گۆشەنیگای ناوەکی: ئەم گۆشەنیگایە حیکایەتخوان لەدەروونی خۆیەوە دەڕوانێتە کاریگەرییەکانی دەرەوە لە چوارچێوەی ئەم تێڕوانینە ناوەکییە خودییەشەوە پرۆسەی گێڕانەوە لەڕێی جێناوی کەسی یەکەمی قسەکەرەوە بەئەنجام دەگەیەنێت، لەم گۆشە نیگایەدا کارەکتەرێك ڕۆڵی حیکایەتخوان دەگێڕێ....هەرچەندە لەگۆشەنیگای ناوەکیدا پرۆسەی گێڕانەوەی ڕۆماندا بەجیناوی کەسی یەکەم(من) دەگێڕدرێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێ حاڵەتدا حیکایەتخوان پەنا دەباتە بەر جێناوی کەسی سێیەم (ئەو) بۆگێڕانەوەی ڕۆمان ئەمەش لەو ساتانەدا ڕوودەدات، کە حیکایەتخوان لەڕوانگەی کارەکتەرێکەوە تەماشای ڕووداوەکان دەکات"( عوسمان،٢٠١٠، ١٥٤)، وەك ئەوەی لێرەدا دیارە کارەکتەرێك ڕۆڵی حیکایەتخوان دەگێڕێت و ڕووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، لەڕۆمانەکەدا بوونی دوو ڕووداو، دوو گێڕانەوە هەست پێ دەکرێت، بەهاوتەریی کە گێڕانەوەیەکیان لەلایەن حیکایەتخوانەوە ئەنجامدەدرێت و گێڕانەوەیەکی تریان لەلایەن، کارەکتەری سەرەکییەوە ئەنجامدەدرێت، بەمەش جوڵەیەکی زۆر بەپرۆسەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دراوە((ئێستا بیرمە پێش چەندین ساڵ کاتێك ڕێم کەوتە ئەو کتێبفرۆشییەو بەدوای ڕۆمانێکی بچووکدا دەگەڕام ویستم پرسیار لەو پیاوە بکەم ئێستا پیرتر بووە وتی: ولیەم، ئیدی تێگەیشتم ناوی (ولیەم)ە و وەك بۆی باسکردووم خانەوادەکەیان زیاتر پیشەیان کتێبفرۆشی بووە و ئەم پیشەیەی بەمیرات بۆماوەتەوە...))). محەمەد، (٤٩:٢٠١٤کارەکتەری سەرەکی لە گێڕانەوەیەکدا، دیمەنێکمان بۆ دەخاتەڕوو، کە ڕەنگە زیاتر ئەوەمان نیشانبدات، کە ئارەزووی مرۆڤەکان جیایە (( ماریا هەمیشە وابوو، لەناکاو بۆماوەیەك دیار نەدەماو منیش ڕاهاتبووم لەسەر ئەم ونبوونانەی، ئەو ئێوارەیەش کەدەرکەوتەوە وتی: حەزی لە پیاسەیەکی کەناری دەریایە، ڕۆژێك بوو بەفر لەسەرخۆ دەباری، هێواش بەلای مرواری و نەورەسەکاندا تێپەڕین، کەژنێکی پیر پارچە نانی بۆ هەڵدەدان و ئەوانیش هاتبوونە بن شۆستەی پیادە ڕەوەکەوە و هەریەکەیان دەیویست لەو وەرزی سەرمایەدا، کەبەفر هەموو شتێك دادەپۆشێت و خواردن کەم دەبێتەوە، فریای گرتنەوەی پارچە نانێك بکەوێت، ژنە پیرەکەش بەخۆشییەوە سەیری دەکردن و هەوڵیدەدا هەرجارە و یەکێکیان پارچە نانێك بگرێتەوە، دەشێ ئەوە گەورەترین ئارەزووی ئەو ژنە بووبێت))). محەمەد، (١٣٢:٢٠١٤

بەپێی جۆری گێڕانەوەکان دوو جۆر حیکایەتخوانمان هەیە:

أ.حیکایەتخوانی بابەتی (گێڕەرەوەی دەرەکیشی پێدەگوترێ) ئەم حیکایەتخوانە شارەزاییەکی گشتی لەڕووداوەکان و چۆنیەتی چنین و ئاڵۆزبوون و کاتی ڕوودانیان هەیە و بەهەمووشتزان ناوی دەبرێ، حیکایەتخوان لەگێڕانەوەی زنجیرە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا وەك شارەزایەکی گشتی لە ڕووداوەکان و ژیانی کارەکتەرەکان دەبینرێ و دەردەکەوێت (( کاتێك مریەم درگاکەی کردەوە، پێش شێرزاد چووە ژوورەوە و گڵۆپی ساڵۆنەکەی داگیرساند، شێرزاد بەدەم داکەندنی پێڵاوەکانییەوە، چاوێکی بە ماڵەکەدا گێڕاو هەستی بە شەپۆلێکی خاو کرد لە بۆنی قوڵەنیا،

مریەم بەدەم فەرموو لێکردنییەوە، درزێکی کردە پەنجەرەی مەتبەخ و ئامێری قاوە گەرم کردنەکەشی داگیرساند، پاشان هەردووکیان لە هۆڵەکە دانیشتن و دوای ئەوەی شێرزاد سەرسامی خۆی بۆ جوانی و ڕازاوەیی ماڵەکە دەربڕی کە ئینجانەو پارچە مۆبیلەکان و ڕەنگی پەردە و تابلۆ و بەڕەو... جوان گونجابوون لەگەڵ یەکتردا بەتایبەت سەیری بەڕەکەی ژێر قاچی کرد و لەڕەنگەکانی ڕاما، بیری کەوتەوە کە ئەمیش هەمیشە حەزی لەو جۆرە نەخشانە بووە کە لەبەڕە کوردییەکاندا هەن.مریەم بەدەم پێکەنین و سوپاسکردنەوە هەستاو چوو دەستنووسی ڕۆمانەکەی بۆ هێنا))). محەمەد، (٢٠١٤: ١٧١

ب.حیکایەتخوانی خودی (گێڕەرەوەی ناوەکیشی پێدەگوترێ) : ئەم حیکایەتخوانە ((بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەیبینێ و دەیبیستێ پرۆسەی گێڕانەوە بەزمانی (من) ی قسەکەر ئەنجام دەدات واتە گێڕانەوە لەلایەن کارەکتەر یان کەسێکەوە ئەنجامدەدرێت))( عوسمان، ٢٠١٠، ١٦٣)، گومانی تێدانییە لەم گێڕانەوەیەدا خوێنەر و کارەکتەر زۆر لەیەك نزیك دەبنەوە بەجۆرێ خوێنەر واهەست دەکات لەناو ڕووداوەکاندا دەژی بەشێوەیەکی گشتی لەم ڕۆمانەی "عەتا محەمەد" دا لەبەر ئەوەی ڕێچکەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەسەر چەند تەوەرێکدا دابەشبوون و ڕووداوەکانیان لەدوو ماوەی هاوتەریبدا ڕوودەدەن بۆیە تەکنیکی گێڕانەوە ڕێچکەی نۆبەتی(هاوتەریبی) هەیە و لەبەشێکی گیڕانەوەکاندا دەنگی حیکایەتخوان دەبیسترێ و بەشێك لەگێڕانەوەکان لەئەستۆی کارەکتەردایە وەك لێرەدا هەست بەدەنگی کارەکتەر دەکرێ لە گێڕانەوەکەدا: ((لە ڕاستیدا ئەگەر بەدەست خۆم بوایە ئەوا لەم بەشەدا درێژەم بە گێڕانەوەی هەندێك وردەکاری و لایەنی شاراوەی بەسەرهاتی دەستەی کتێبخوێنە نهێنییەکان دەدا، کەشەوێك لەترۆپکی دەسەڵاتی بەعسییەکاندا هەموویان دەکوژرێن، کە ئەویش نەك لەبەرئەوەی هەمیشە واهەستدەکەم شتێك هەیە و نەمتوانیوە بیگێڕمەوە، بەڵکوو زیاتر لەبەر ئەوەیە چارەنووسی من لەو کاتەوە دەگۆڕێت، کە باوکم کاتێك لە کۆڵانە تاریکەکەدا، لەناو خوێنی خۆیدا دەگەوزا بە چپەوە پێڕاگەیشت پێمبڵێت: تا دەتوانیت ئەم وڵات و سەرزەمینە جێبهێڵە، کە جێگای کتێبی تیا نابێتەوە)) ). محەمەد، (٢٠١٤: ١٠٢

-گێڕانەوە لە ڕێگەی کارەکتەرەوە: پرۆسەی گێڕانەوە تەنیا لەلایەن حیکایەتخوانەوە ئەنجام نادرێت، بەڵکو ئەم پرۆسەیە لەناو تەکنیکەکانی گێڕانەوەی کارەکتەر و دایەلۆگ و مۆنۆلۆگ...هتد ون دەبێت و بە ئەنجام دەگات، واتە گێڕانەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و گشتگیرە و هەریەك لەو تەکنیکانە ڕۆڵێکی تایبەت چ وەکو بنیات بێت یاخود وەکو لایەنی هونەرکاری ئیستاتیکی لەڕووی شێوەکەی دەگێڕێت، کە لە ڕۆماننوسێکەوە بۆ ڕۆماننوسێکی دیکەش بەکارهێنانەکان و ڕۆڵ پێدانەکان دەگۆڕێت"( عوسمان، ٢٠١٠، ١٦٩) لێرەدا لەڕێگەی کەسایەتی شێرکۆوە بەجێناوی کەسی قسەکەر(م) هەواڵمان دەداتێ: ((ئێوارەیەکی سارد بوو، کاتێك بەرەو ئەو شوێنە چووم، کە دەبوو ویلیەمی لێببینم. ئەو ڕۆژە لە ماڵەوە مامەوە و نەچوومە دەرەوە. لەدوای نیوەڕۆوە جۆرێك لە نیگەرانی گرتبوومی، بەوەی بۆچی ویلیەم کاتێکی درەنگی لە جێگایەکی دوور و چەپەك دانابوو بۆ یەکتربینینەکەمان، کە دەکەوتە شوێنێکی چۆڵ لە دەرەوەی ویستگەی شەمەندەفەری گەڕەکی ئوپلاندس ڤێسپی لە باکووری شاری ستۆکهۆڵم. ئەو ئێوارەیە هەوا زۆر ساردبوو، بە ناچاری و لەتاو سەرما، لە کەنار جادە چۆڵەکەم پیاسەم دەکرد، تا لەناکاو ئۆتۆمبێلێك وەستاو لەبەر تاریکی، نەمتوانی شۆفێرەکەی ببینم. بەڵام بە دەنگەکەیدا زانیم ویلیەمە، کاتێك وتی سەرکەوە. بێئەوەی هیچ بڵێم، سەرکەوتم و سەیری تاریکییەکەی پێشەوەم دەکرد. ویلیەمیش بێدەنگ، چاوی لە پێشەوە بڕیبوو. جارجاریش بەهۆی ئاوێنەکەی بەردەمییەوە، چاودێری ڕێگاکەی پشتەوەمانی دەکرد، ئەگەرچی هیچ ئۆتۆمبێلێکی پێدا نەدەڕۆیشت)) ). محەمەد، (٢٠١٤: ١٦٢

-گێڕانەوە لە ڕێگەی دایەلۆگەوە: دایەلۆگ، ((بەیەکێك لەو تەکنیکە گرنگانە دادەنرێت، کە نووسەر بۆ گەیاندنی بیرۆکە و زانیارییەکانی، تایبەت بە دەقەکە پەنای بۆ دەبات))( ڕەحمان، ٢٠١٤، ٢٧٠)دایەلۆگ تایبەت نییە بە تەنها ژانرێکەوە، بەڵکو تەکنیکێکە لە سەرجەم بوارەکانی هونەردا بایەخی گرنگی هەیە((دایەلۆگ یەکێکە لەو تەکنیکانەی لەهونەری شانۆگەرییەوە هاتۆتە ناو ڕۆمان، ڕۆماننوسیش سودی لێ وەردەگرێت بۆئەوەی لە چوارچێوەی پرۆسەی گێڕانەوەدا ڕووداوەکان بەرەو پێشەوە ببات، لەلایەکی دیکەشەوە زانیاری زیاتر دەربارەی کارەکتەرەکان بخاتەڕوو، چونکە لە دایەلۆگدا کارەکتەرەکان هەندێ جار ڕاستەو خۆ قسەدەکەن بەبێ یارمەتی حیکایەتخوان، ئەمەش


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

وادەکات خۆیان زانیاری دەربارەی خۆیان پێشکەش بکەن"( عوسمان،٢٠١٠، ١٨٩) بەگوێرەی ڕۆڵی کارەکتەر و حیکایەتخوان دەکرێ دوو جۆر دایەلۆگ دیاری بکەین.

١. دایەلۆگی ڕاستەوخۆ: ئەم دایەلۆگە بەنۆبەتی دوو کارەکتەر یان زیاتر لە چوارچێوەی چیرۆکێکدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری تێدا دەکەن، لەکاتێکدا سێبەری حیکایەتخوان وردە وردە قەوارەکەی بچوك دەبێتەوە لە چیرۆکەکەدا، واتە کارەکتەر ڕۆڵی حیکایەتخوان دەگێڕی، بەهۆی جیناوی کەسی یەکەمی تاکەوە، کە ڕاستەوخۆ بەشداری لەگفتوگۆکاندا دەکات ((کاتێك لەبەرامبەر ولیەم دانیشتم، کەوەك خووی هەموو کتێب فرۆشییەکی دەستی دوو، بەدەوریدا کۆمەڵێك کتێبی زۆر لەسەر یەك هەڵچنرابوون، وتم: ئەگەر شتێك هەیە ئێستا دەتوانیت پێم بلێیت، ئەویش کتێبەکەی دەستی داخستەوەو بە بزەیەکەوە، دوای ئەوەی چاویلکەکەی داگرت، وتی: دەکرێ بزانم ئەو کتێبەت بۆ کڕیوە؟ پرسیارەکەی ولیەم بەلامەوە سەیربوو، بەسەر سوڕمانەوە وتم: هەست ناکەیت پرسیارێکی سەیر دەکەیت؟ پاشان تۆ کتێب دەفرۆشیت و هەر کریارێکیش ئازادە لەوەی چ کتێبێك دەخوێنێتەوە، با وای دابنێین ناونیشانەکەی سەرنجی ڕاکێشام و حەزم کردووە بیخوێنمەوە، بەڵام ئەو بەدەم سەر ڕاوەشانەوە وتی: ئەو شتانە دەزانم... منیش مەبەستمە بزانم بۆ بەتایبەت ئەو کتێبەت کڕیوە؟ ئەی خۆ کەسی تر ئەو کتێبەی نەبینیوە یاخود نەخوێندۆتەوە؟ نەمتوانی سەرسوڕمانی خۆم بشارمەوە، وتم: پرسیارێکی دیکەی سەیرتر، بەڵێ کەسێکیتریش خوێندویەتەوە، بەڵام بۆ دەپرسیت؟ ئایا هیچ شتێك هەیە لەبارەی ئەو کتێبەوەو بتەوێت پێم بڵێیت؟ ئەوکاتە ولیەم سیمای کەمێك گۆڕاو سەری لێم نزیك کردەوەو وتی: باخۆمان گێل نەکەین، چونکە هەردووکمان دەزانین لە بارەی چییەوە قسەدەکەین، ئەگەر نەشزانیت، ئەوا من ئێستا پێت دەڵێم، کە ئەو کتێبە، کتێبێکی سەیر و ناوازەیە و بەهەڵە گەیشتۆتە دەست تۆ، دیارە هەڵەی تۆ نییە، بەڵام دەبێ لە نزیکترین کاتدا ئەو کتێبە بگێڕیتەوە)).) محەمەد، (١٠٥:٢٠١٤

٢. دایەلۆگی ناڕاستەوخۆ: لەم جۆرە دایەلۆگەدا حیکایەتخوان هەڵدەستێ بەگێڕانەوەی ڕووداو لەسەر زاری کارەکتەرەکان وەکو خۆی ئەم پرۆسەی گێڕانەوەیەش بەجێناوی کەسی سێیەمی (تاك وکۆ) ئەنجام دەدات بەبەکارهێنانی دەستەواژەی ( وتی- وتیان- پرسی- دەڵێ -....هتد) یاخود هەنێ جار ئاماژە بەناوی کارەکتەرەکان دەکات. لەم ڕۆمانەدا ئەم تەکنیکە بەرچاو دەکەوێت.

-مریەم بەسەرسوڕماوییەوە پرسی: بەڵام ئەمانە چ پەیوەندییەکیان بەدیارنەمانی شێرکۆوە هەیە؟

شێرزاد کەمێك دەنگی خۆی نزمکردەوەو وتی: سەرئەنجام ولیەم داوا لە شێرکۆ دەکات، تا هەوڵبدات ئەو جانتایەیان بۆ بدۆزێتەوە کە کتێبفرۆشەکە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی بۆ سوید و لە مردنەکەیەوە دیارنەماوە، ئەو بەیانییەش تۆ داوای جیابوونەوەی لێدەکەیت، ئەو بڕیاری دابوو بەدوای جانتاکەدا بگەڕێت.

-مریەم بەشپرزەییەوە پرسی: ئێستا شێرکۆ لە کوێیە؟ شێرزاد بەساردییەکەوە وتی: ڕۆمانەکە تا ئێرە نووسراوە.

-مریەم بەخۆشییەکەوە وتی: بەڵام بەیانی دەتوانم بچم بۆ لای ولیەم و لەو بپرسم، شێرزاد بەدڵنیاییەکەوە وتی: باوەڕناکەم بتوانیت، چونکە لە فەصڵی دوای ئەوەدا ولیەم دەکوژرێت و ماریاش بەشێوەیەکی تەمومژاوی لە پارکێکدا خۆی دەکوژێت". )محەمەد، (١٧٨:٢٠١٤

- گێڕانەوە لە ڕێگەی مەنەلۆگەوە: یەکێکە لەتەکنیکە گرنگەکانی بنیاتی ڕۆمان بەتایبەت بە((یەکێك لە تەکنیکەکانی گێڕانەوەدادەنرێت... ئەرکی مەنەلۆگیش هەروەکو دایەلۆگ گەیاندنی زانیارییەکانە))( ڕەحمان، ٢٠١٤، ٢٧٤) مەنەلۆگ وەك تەکنیکێکی پێشکەوتوو((ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەپرۆسەی گێڕانەوەی دەقدا، ڕۆماننوس بەمەبەستی خستنەڕوو و ئاشکراکردنی نهێنیە شاراوەکانی دەروونی کارەکتەر بەکاریدەهێنێت، واتە مۆنۆلۆگ ئەو تەکنیکەیە کەباری دەروونی کارەکتەر و کردارە دەروونییەکان کەم و زۆر بەبێ قسەکردن دەخاتەڕوو، چونکە بریتییە لە خستنەڕووی ناواخنی هەست پێش قۆناغی تەواوبوون و دەربڕین، هەرئەمەشە لە خۆدواندنی جیادەکاتەوە))( عوسمان، ٢٠١٠، ٢٠)،((ڕێبازی " شەپۆلی هۆش-تیارالوعی" لە هونەری چیرۆك نووسیندا، بەوە بەناوبانگە کە هەرچەندە دیوی دەرەوەی مرۆڤ لە هەڵسوکەوت و کردار و ڕەفتاریدا ناخاتە پشتگوێ، بەڵام پتر بایەخ بە دیووی ناوەوەی دەدا و شۆڕدەبێتەوە بۆ ناخی و جڵەوی بۆ شل دەکا کە بێ سڵکردنەوە لە هەست و نەست و ئاوات و نیازو ڕازی خۆی بدوێ، کە مرۆڤ ئەم بابەتە شتانە لە دەرەوەی خۆی دەشارێتەوە

و لەناخی خۆیدا حەشاریان دەدا، یا قابیلی بەدی هێنان نین)) (عارف، ٢٠١١ ل١٤٤) لەم ڕۆمانەدا ئەم تەکنیکە پەیڕەوکراوە، مریەم دوای ئەوەی هەستی بێتاقەتی دایدەگرێت، دڵنیادەبێت لەوەی شێرکۆ تەلەفونەکەی داخستووە، ((لەبەر خۆیەوە بەخۆی وت: بەراستی من بۆ وادەکەم؟ دوای ئەوهەموو شکست و ناخۆشییەی ژیانم و سەردانی کردنی پزیشکی دەروون، من خۆم ڕاهێنا هەرگیز نەگەڕێمەوە سەر ڕابردووم و خۆمیان پێ ئازار نەدەم، من کە هیچم لەدەست نەیەت و شێرکۆش خۆی شاردبێتەوە ئیدی بۆخۆم ئازاربدەم، بەڵام هەرئەوکات بەخۆشی وت: بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی، ڕابردوو وەك ڕەگ وایە هەرگیز ناتوانین خۆمان لە ڕەگەکانمان ڕزگاربکەین)) محەمەد، ( ٥٨:٢٠١٤

- گێڕانەوە لەڕێگەی فلاش باگەوە: فلاش باگ ((هونەرێکی سینەمایی یە زۆرجار لە ڕۆمانی نوێدا بۆگێڕانەوەی ڕووداوەکانی زەمەنی ڕابردوو سودی لێ وەرگیراوە، چونکە وا لە دەرهێنەر دەکات ڕۆشنایی بخاتەسەر ڕووداوێکی ڕابردوو کە هاتنەکایەی بیرۆکەکە بۆ وەرگر بگەڕێنێتەوە لە کاتێکی بەسەرچوودا... کەواتە فلاش باگ گێڕانەوەی ڕووداوی ڕابردووە لەڕێی زەینەوە و هێنانەوەی بۆکاتی ئێستای گێڕانەوە، ئەم کردارەش لەلایەن حیکایە تخوان یان کارەکتەرەوە ئەنجام دەدرێت))( عوسمان، ٢٠١٠: ٢٢٤) هەندێك لە ڕەخنەگر و لێکۆڵەران تەکنیکی هێنانەپێشچاو لە فلاش باگ جیادەکەنەوە، بەڵام ئەم تەکنیکە هیچ جیاوازییەکی نییە لەڕووی ئەرك و خاسیەتەوە لەگەڵ فلاش باگدا، تەکنیکی هێنانە پێشچاو یەکێکی ترە لەو تەکنیکانەی کە ڕووداوی ڕابردووی ژیانی کارەکتەر دەخاتە بەرچاوی خوێنەر، لەم بارەیەوە نەجم ئەلوەنی دەڵێت: ((بڕوام وایە هێنانە پێش چاو هەمان ئەرکی دواخراو یان فلاش باگ لە گێڕانەوەدا ئەنجام دەدات))( ئەلوەنی، ٢٠٠٤: ١٥٧) ئەم تەکنیکە گرنگی خۆی هەیە لە بنیاتی ڕۆمان بەگوێرەی جۆرەکانی، جگە لەڕووی ئەو ئەرك و ڕۆڵەی دەیگێڕێت...زۆرجا ڕۆماننوس لەڕێی چەندین تەکنیکی وەك دایەلۆگ، مۆنۆلۆگ، دیمەن...هتد گێڕانەوەی فلاش باگ پراکتیزە دەکات، لەڕێی هەریەکە لەم جۆرانەوە

## یەکەم: فلاش باکی ناوەکی

بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە چوارچێوەی پرۆسەی دەقدا لەڕابردوویەکی نزیك ئەنجام دراوە، بەڵام حیکایەتخوان بەسەریاندا تێپەڕیوە یاخود لەبیری چووە، بۆیە لەکاتی ئێستادا دەیگێڕێتەوە ((ئەو ڕۆژەی ماریا نوسخەیەکی لەبەر گیراوەی ڕۆمانەکەی لەگەڵ خۆیدا برد، من ڕێگام کەوتەوە لای کتێبفرۆشییەکەو نهێنییەکی گەورەم لا ئاشکرابوو، ئەو بەیانییە ماریا زوو لەخەو هەستا و بەدەم خۆ گۆڕینەوە، پارویەك نانی خوارد، بێ ئەوەی بچێتە بەردەم ئاوێنە و بۆ ماوەیەکی زۆر بوەستێت تا خۆی جوان بکات (وەك پێی وتبووم ئەو حەزی لەوەستانی بەر ئاوێنە نییە، چونکە دەبێت وەك کەسێکیتر لە خۆی ڕابمبێنێت و ئەمەش نارەحەتی دەکات) ئەو بەیانییە ماریا پەلەی بوو، چونکە دەیویست فریای کارەکەی بکەوێت))).محەمەد، (١٣٠:٢٠١٤

## دووەم: فلاش باکی دەرەکی

مەبەست لەم تەکنیکە، گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەیە کە دەکەوێتە دەرەوەی گێڕانەوەی پرۆسەی دەقی ڕۆمان کە حیکایەتخوان کاتی ئێستای گێڕانەوەکە ڕادەگرێت و دەگەڕێتەوە سەر باسکردنی ئەو ڕووداوانەی پێشووتر ڕوویانداوە بەمەبەستی پێشکەشکردنی زانیاری زیارتر لە بارەی کارەکتەری ڕووداوەکانی دەقەوە، ڕۆمانی"ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان"حیکایەتخوان لەڕێی زەینی مریەمەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ ڕووداوێکی تر کەپەیوەندی بەژیانی پێشووی مریەمەوە هەیە، گێڕاوەنەوە ڕادەگرێ ((ئەو ڕۆژە کەمێك لەبەردەم تەلەفزیۆن دانیشت و سەیری دیمەنی ڕمانی دوو تاوەرەکەی نیۆرکی کرد، کە زۆربەی کەناڵەکان سەرقاڵی یادکردنەوەی ئەو ڕووداوە بوون و جار لەدوای جار دیمەنی خۆپیاکێشان و ڕمانی دوو تاوەرەکەیان لێدەدایەوە دڵنیابوو ئەو هەستەی بەیانی نەماوە و لە جیگای ئەوە هەستی بە لەشگرانی کرد، بەتایبەتی کاتێك لەگەڵ ڕمانی دوو تاوەرەکەدا کتوپڕ ئەو ڕۆژەی هاتەوە یاد، لەو کاتەی فڕۆکەکان خۆیان دەکێشن بەدوو تاوەرەکەدا ئەم لە ژووری ئوتێلێکی بچوکی بەرشەلۆنە لەگەڵ کوڕێکی مەغریبیدا نووستبوو، کە ئێستا چەندی کرد ناوەکەی بیرنەکەوتەوە...))(محەمەد، ٢٠١٤: ٣٠ (((بەتایبەت سەیری بەرەکەی ژێر قاچی کرد و لەڕەنگەکانی ڕاما، بیری کەوتەوە کە ئەمیش هەمیشە حەزی لەو جۆرە نەخشانە بووە کە لەبەرە کوردییەکاندا هەن)). )محەمەد، (١٧١:٢٠١٤

## ئەنجام

١. هیچ نوسەر و ڕۆماننوسێك ناتوانێت بەبێ تەكنیكێك ڕۆمان یان چیرۆك بنووسێت، وە ناشتوانێت پێشوەختە بڵێت بەو جۆرە تەكنیكە دەنووسم، ئەوەی بڕیار لە تەكنیك دەدات دەقەكەیە.

٢ .گێڕانەوە كە پەیوەندی بە ڕەگ و ڕیشە یان بنچینەی هونەرەكان و بەشەكانی ئەدەبەوە هەیە، بەڵام لە ڕۆماندا ڕۆڵی كارا و بەرچاوی هەیە لە چاو ژانرەكانی تردا.

٣ . گێڕانەوە، زانستی دەربڕینە و ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دروستكردنی ویستگەیەكی بەهێزی خوێندنەوە لەلای خوێنەر.

٤. ڕێچكەی گێڕانەوەی ڕووداوەكان بەسەر چەند تەوەرێكدا دابەشبوون و ڕووداوەكانیان لەدوو ماوەی هاوتەریبدا ڕوودەدەن بۆیە تەكنیكی گێڕانەوە ڕێچكەی نۆبەتی(هاوتەریبی) هەیە.

## سەرچاوەكان

### سەرچاوەكان بەزمانی كوردی:

### كتێب:


١. موفتی، پەری ساڵح (٢٠١٢)، گێڕانەوە لە چیرۆكەكانی ئەحمەد مەحمەد ئیسماعیلدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢. سابیر، پەرێز ( ٢٠٠١)، بینای هونەری چیرۆكی كوردی(لەسەرەتاوە تاكو جەنگی دووەمی جیهانی)،چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣.عارف، حسەین (٢٠١١)، نووسینەكانم لە بواری ڕەخنەو لێكۆلینەوەدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٤.عوسمان، ڕێزان (خاڵە دێوە)، (٢٠١٠)، بنیاتی جۆرەكانی ڕووداو لەڕۆمانی كوردی كوردستانی باشوور ساڵی(١٩٨٥-١٩٩٠)، چاپی یەكەم، ئەكادیمیایی كوردی، هەولێر.

٥.ڕەسوڵ، شوكریە ( ١٩٨٩)، ئەدەبی كوردی و هونەرەكانی ئەدەب , د.شوكریە رسول , مطابع تعلیم العالی , اربیل.

٦.عومەر، محسین ئەحمەد ( ٢٠٠٥)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی،چاپی یەكەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٧.اسماعیل، مظفر مصطفی( ٢٠١١)، روخسارو ناوەرۆكی چیرۆكی منداڵان لای (لەتیف هەڵمەت)، چاپی یەكەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٨.ئەڵوەنی، نەجم خالید نەجمەددین( ٢٠٠٤)، بینای كات لە سێ ڕۆمانی كوردیدا، چاپی یەكەم ، چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

٩.ئەسوەد،نەوزاد ئەحمەد( ٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی،چاپی یەكەم،چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

١٠.محەمەد، عەتا(٢٠١٤)، ڕێبەری كتێبسازە كوژراوەكان، چاپی یەكەم، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.

١١.ڕەحمان، عەبدوڵلا( ٢٠١٤)، بنیاتی گێڕانەوە، چاپی یەكەم، چاپخانەی موكریانی، هەولێر.

١٢ .گەرمیانی، عادل( ٢٠١٥)، وانە بێژییەكانی خوێندنی ماستەر، پەخشان، كۆرسی دووەم.

**گۆڤار:**

١٣.عەبدوڵڵا، عەبدالموتەلیب( ٢٠١٣) ، بنیادی گێڕانەوە لە نێوان دەق و خوێنەردا، گۆڤاری ڕامان ژمارە(١٩٠).

سەرچاوەی ئەلکترۆنی:

١٤.کاکەی فەلاح، ئارام ٢٠١٨/١/٤، شێوازەکانی گێڕانەوە و تەکنیکی چیرۆك و ڕۆمان، https://knwe.org/?p=٧٩٢٠

**سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:**

**کتێب:**

١٥.يوسف محمد، أمنة( ١٩٧٧)، تقنيات السرد، دار الحوار للنشر والتوزيع، سوريا.

١٦.وغليسى، يوسف( ٢٠٠٤)، السردية والسرديات، مجلة السرديات، جامعة منتورى قسطنطنية الجزائر، عدد(١).

**گۆڤار:**

١٧ .وغسلى، يوسف (٢٠٠٤)، السردية و السرديات، مجلة السرديات، جامعة منتورى، قصطنطنية الجزائر، عدد(١).